گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/6jcjsy96

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 10/03/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 19/06/2025
ڕێــکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/08/2025

# کاریگەریی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خوێندکارانی کچی زانکۆ سناپ چات بەنمونە (توێژینەوەیەکی ڕوپێویە)

سەرکەوت ویسی کریم
Sarkawt.kareem@su.edu.krd
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

سناپ چات ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر تەواوی سێکتەرەکانی ژیان، بەتایبەت جەماوەر و کارکردنە سەر ڕاجیاوازەکان، هەڵبەت بۆ هەمو پرس و بابەتە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگە، یەکێک لەو بابەتانە لە ئێستادا کۆمپانیاکانی ڕیکلام لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سناپ چات بەتایبەتی چالاکی ئەنجامدەدەن، پانتاییەکی گرنگی ژیانی تاك و گەلاندا داگیرکردوە. سەردەمەی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیادا لەم گۆشەنیگایەوە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی زانستی هەوڵیداوە ئەوە ڕونبکنەوە، کە تاچەند کاریگەری ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خوێندکارانی کچی زانکۆ دروستکردوە.

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە زانینی پەیوەندیی نێوان ڕێکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وسناپ چات. دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی کاریگەری ڕێکلام لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتی سناپ چات، زانینی ئاستی کاریگەری ڕێکلام تۆڕە کۆمەڵایەتی سناپ چات، دەرخستنی ڕۆڵی سەرەکی سناپ چات بۆ کاریگەری ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سناپ چات لەسەر خوێندکارانی کچی زانکۆ.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە خوێندکارانی کچی زانکۆ، سامپڵی توێژینەوەکەش خوێندکارانی کچی زانکۆی سەڵاحەدین لەشاری هەولێرە لە کۆلێژ و بەش و قۆناغە جیاجیاکاندا، دابەشکردنی (300)، فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی، لەم توێژینەوەیەدا کەرەستەی ئاماری، کە بەسیستەمی"SPSS "ناسراوە بەکارهاتوە. توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە، لەلایەنە پراکتیکییەکەی بۆبەدەستهێنانی داتاو زانیاریی وردو پێویست و گەیشتن بەکۆمەڵێك ئەنجام، توێژەران ڕێبازی (ڕوپێوی)یان بەکارهێناوە بەمەبەستی زانینی کاریگەری ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خوێندکارانی کچی زانکۆ. توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێکی زانستیی گەیشتوە، لەوانە بە پلەی یەکەم سامپڵی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەن، کە سناپ چات فاکتەرێکە بۆ کاریگەری ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خوێندکارانی کچی زانکۆی سەڵاحەدین، لەم ڕوانگەیەوە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ زانینی ئەو ڕۆڵەی، کە سناپ چات دەیگێڕێت

**کلیلە وشەکان:**

کاریگەری، ڕیکلام، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان،سناپ چات، خوێندکارانی کچی زانکۆ

# The Impact of Social Media Advertising, Especially Snapchat, on Female University Students (It is A survey Study )


## Sarkawt waysi kareem

Department of media, college of Arts, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.



## Abstract

The Impact of Social Media Advertising on Female University Students Snapchat as an example.

*Snapchat has a role in creating influence across all sectors of life*, particularly in social and professional aspects related to daily basis, including many scocial issues and topics. Currently, advertising companies are so active on social media platforms, especially Snapchat, which has gained wide range of attention in the lives of individuals and communities . In this era of fast technological advancement, the researcher in this study scientifically examines the extent of the impact of social media advertising on female university students. The primary goal of this study is to understand the relationship between social media advertising and Snapchat, explore the characteristics of advertising influence through Snapchat, evaluate the level of its impact, and identify Snapchat's key role in shaping advertising effects on female university students .Community of The study consists of female students at Salahaddin University in Erbil, spanning different colleges, departments, and academic levels. A stratified random sampling was used to distribute (300) forms of questionnaires. The researcher employed statistical tools based on the (SPSS) system for data analysis. The study adopts a descriptive method , and for practical data collection and precise conclusions, the researchers used survey methodology to determine the impact of social media advertising on female university students. The study reached several key scientific findings, most notably : Snapchat is a significant factor in the effectiveness of social media advertising on female students at Salahaddin University . The results highlight the crucial role Snapchat plays in advertising influence.


**Keywords**: Impact, Advertising, Social Media, Snapchat, Female University Students.

## پێشەکی

هەرێمی کوردستان ڕۆژبەڕۆژ لەبەرەوپێشچونی خێرادایە و ئامرازی نوێی تەکنەلۆژیایی بواری میدیای نوێ جێگای ئامرازی کۆن دەگرێتەوە جەماوەر بۆ خۆی پەیدادەكات. ڕێکلام لەسەدەی بیست و یەك و لەقۆناغی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بەگشتی و ئامرازەكانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی بینراو، بیستراو، خوێندراو، نوسراویەوە گەیشتە قۆناغێکی زۆر تازە، لەهەمان كاتدا بو بە پێویستییەكی زۆر گرنگ بۆ گەیاندنی ئەو زانیارییانەی كە جەماوەر لەبەكارهێنانیدا پێویستی پێیەتی، ڕێکلام لەسەرانسەری دونیادا بۆ هەمو وڵات وكۆمەڵگا و نەتەوە و ئاست و چین و توێژ و ڕەگەزێکی پێویستە هەموان كاریان بەڕێکلامە و ڕێکلامیش كاری بەهەموانە بۆیە زانین و تێگەیشتن بۆ هەر تاك و كۆمەڵگایەك ئێگجار پێویستە و ڕێکلامەكان دەتوانن ئاسانكاری بۆ هاووڵاتیان و بەكاربەر و بەكارهێنەران بكەن. بەتایبەتی كاتێك ڕێکلام بەدروستی بەكارهات و ئاراستە و ئامانجەكانی خۆی پێكا.گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانكردنی ڕادە و ئاستی ئەو

کاریگەرییانەیە،کەڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خوێندکارانی کچی زانکۆ دروستیکردوە. گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە خزمەتکردنە بەبواری میدیای کوردی.

بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

یەکەم: ڕەهەندو ڕێکارەکانی توێژینەوە

1.کێشەی توێژینەوە: گرنگترین هەنگاوە لەنوسینی توێژینەوەی زانستیدا، چونکە بەبێ کێشە توێژینەوەی زانستی بونی نییە. هەر کێشەیەك لەسەر بنەمای زانستی بێت دەبێتە هۆی چارەسەری کێشەکان. کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو تەمومژو نارونییەی سەبارەت بەکاریگەریی ڕێکلامەکانی سناب چات لەسەر خوێندکارە کچەکانی زانکۆی سەلاحەدین دروستی دەکات. لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە ئەم پرسیارانە دەخاتەڕو:

1. ئایا خوێندکارانی کچی زانکۆ متمانەیان هەیە ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سناپ چات؟

2. ئاستی زانینی بۆچونی خوێندکارانی کچی زانکۆ لەبارەی کاریگەری ڕیکلام لەسناپچاتدا؟

3.ڕادەی بایەخدانی خوێندکارانی کچی زانکۆ بۆ ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سناپچات چەندە؟

4.ئایا خوێندکارانی کچی زانکۆ جگە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپ چات، چ سەرچاوەیەکی دیکە بەکاردەهێنن بۆ ڕیکلام؟

5.ئایا خوێندکارانی کچی زانکۆ زیاتر بەدواداچون بۆ چ ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سناپ چات دەکەن؟

6.ئایە ڕێکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سناپ چات کاریگەریان لەسەر ڕازیکردنی خوێندکارانی کچی زانکۆ هەیە؟

7.ئەو سودانە چین کە خوێندکارانی کچی زانکۆ دەستیان دەکەوێت لەبەکارهێنانی پێگەکانی سناپ چات؟

٢. ئامانجی توێژینەوە:

1.دەرخستنی پەیوەندیی نێوان ڕیکلام و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سناپ چات.

2.زانینی تایبەتمەندییەکانی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی سناپ چات.

3.دەرخستنی ڕێژەی هاوڕای خوێندکارانی کچی زانکۆ سەبارەت بە ئەپلیکەیشنی سناپچات.

4.زانین وئاستی پشتبەستن و تێگەشتنی کچانی زانکۆ لە ڕیکلام تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سناپچات.

5.دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو کاریگەری ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سناپ چات لەسەر خوێندکارانی کچی زانکۆ دروستیکردوە.

6. زانینی جۆری ڕێکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە زیاتر سەرنجی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە زیاتر سەرنجی خوێندکارانی کچی زانکۆ ڕادەکێشێت.

٣.گرنگی توێژینەوە: گرنگی توێژینەوەکە پێوەرێکی سەرەکی و کاریگەری دەبێت بەسەر هەڵبژاردنی کێشەی توێژینەوەکەوە. ئەم توێژینەوەیە لەدەرئەنجامی بونی بیرۆکەکە. یاخود دیاردەکە سەبارەت بە بابەتێك سەریهەڵداوە دەتوانین گرنگیەکەی لەچەند خاڵێکدا چڕبکەینەوە:

1.گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕوی زانستیەوە خزمەتکردنە بە میدیای کوردی، بەتایبەت تاوەکو ئێستا توێژینەوەکی زانستی لەم بوارەدا ئەنجامنەدراوە بەزمانی کوردی، کە دەبێتە سەرچاوەکی زانستی لەبواری ڕاگەیاندندا، توێژەران، قوتابیان و خوێندکاران دەتوانن وەك سەرچاوەی زانستی سودی لێببینن.

2.هەوڵێکە بۆ ئەوەی بزاندرێت تاچەند سناپ چات بۆبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەلایەن خوێندکارانی کچی زانکۆ بەکاردەهێندرێت.

3. هەوڵێکە بۆ بەرەوپێشبردنی ڕێکلام بەشێوەیەکی زانستی لەبەرچاوگرتنی گرنگی و کاریگەرییەکان لەم سەردەمەدا.

٤. میتۆدی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە، بەتوێژینەوەکی وەسفی هەژمار دەکرێت، کە تیایدا میتۆدی ڕوپێوی بەکارهاتوە، ئەم میتودە گونجاوە بۆئەم جۆرە توێژینەوانە، کە هاوکارە بۆ دیاریکردنی ئاست و جۆری ئەو کاریگەرەیەی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سناپ چات لەسەر خوێندکارانی کچی زانکۆ دروستیدەکات.

٥.کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە: خوێندکارانی کچی زانکۆ سەڵاحەدین لە هەولێر نمایندەی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەکەن، سامپڵی توێژینەوەکەش، لەڕێگەی سامپڵی چینایەتی وەرگیراون، کە بریتین لە خوێندکارانی کۆلێژەکانی پەروەردە، زانست، ئەندازیاری و یاسا، سامپڵەکەش لەبەرئەمە مەبەستدارە، لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە، کە بەسەر(300) خوێندکارانی کچی زانکۆ دابەشکراون، چونکە ئامانجی توێژینەوەکە وادەخوازێت، تەنیا کۆی ئەو خوێندکارانی وەربگیرێت،کە سناپ چات بەکاردەهێنن.

٦. سنورەکانی  توێژینەوە

1. سنوری مرۆیی: خوێندکارانی کچی زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێر پێکهاتون.
2. سنوری کات: 2025/1/1 تاوەکو 2025/4/1 دەگرێتەوە.
3. سنوری شوێن: هەریمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، زانکۆی سەڵاحەدین.
4. سنوری بابەت: کاریگەری ڕێکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سناپ چات لەسەر خوێندکارانی کچی زانکۆ.

٧. ئامرازی توێژینەوە: توێژەران لەم توێژینەوەدا فۆرمی ڕاپرسییان بەکارهێناوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری پەیوەست بەئامانجی توێژینەوە.

٨. پێوەری ڕاستی ڕواڵەتی: بەمەبەستی دڵنیابونەوە لە ڕاستی ڕواڵەتی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە، لەلایەن ژمارەیەك پسپۆری ئەکادیمی هەڵسەنگێنراوە. دوای وەرگرتنەوەیان و تاوتوێکردنی سەرنجەکانیان، چەندین گۆڕانکاری ئەنجامدراوە، هەروەها لەڕێگەی هاوکێشەی هولستییەوە، ڕادەی ڕاستیەکە دەرهێنراوە، کە بریتییە لە(94.3%)، ئەمەش لەڕوی زانستییەوە بەرێژەیەکی پەسەندکراو هەژماردەکرێت.

٩.ڕادەی جێگیری: لەبارەی ڕادەی جێگیری فۆرمی ڕاپرسی، بە بەکارهێنانی پێوەری (ئەلفاکرۆنباخ)، دەردەکەوێت، کە سەرجەم پرسیارەکانی توێژینەوەی مەیدانی، بەهاکەی (0.906)، ئەمەش ئاستێکی بەرزی جێگیری فۆرمی ڕاپرسییەکەیە.

١٠.ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکان: دوای کۆکردنەوەی داتاکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوە. کە بەیەکێك لە پربایەخترین هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت. لەم پێناوەدا توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بەرنامەی ئاماری Statistical Package For sacial Science(SPSS) وەك کەرەستەیەکی پێشکەوتوی ئاماری بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی زانیاری و داتاکانی توێژینەوەکە و گەیشتن بە دەرئەنجامەکان.

دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە:

1.کاریگەریی: بریتییە لە پەیامی ڕاگەیاندن لە دەرونی وەرگر پەیدایدەکات،هەرچەند وەرگر زۆرتر بەپیر پەیامەکەوە بچێ، ئەوەندە پەیامی ڕاگەیاندن کاریگەری خۆی نواندوە و پەیوەندیکار ئامانجی پەیوەندییەکەی هێناوەتەدی، ئێمە پەیوەندی دەکەین بۆ ئەوەی کاریگەریمان هەبێت، ئەگەر ئەوە نەهاتە دی، واتە کردەی پەیوەندییەکە سەرکەوتونەبوە، مەرج نییە ئامانجی پەیوەندی هزری یان ڕوناکبیری یان پەروەردەیی یان سیاسی بێت، دەشێ بەمەبەستی حەواندنەوە بێت، لێرەدا کاریگەری واتە بە پیرەوەچونی وەرگر بۆ ئیشەکە پێویستە بێتەدی.

2.ڕێکلام: بریتییە لەفۆرمێکی کۆمنیکەیشن، بەکاردێت بۆ ڕازیکردنی وەرگر (بینەر، بیسەر، خوێنەر) بەرهەمەکان و بۆچونەکان و خزمەتگوزارییەکان، ڕێکلامەکان دەتوانن ژیانی سادە یان ئاڵۆزتر بکەن.

3.تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: دامەزراوەیەکی ئەلیکترۆنییە، بوار بە بەکارهێنەران دەدەن بە دروستکردنی پێگەی تایبەت بە خۆیان و بەستنەوەیان بە تۆڕێکی کۆمەلایەتی گەورە و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانیتر و ئاڵوگۆری زانیاری و بیروراو جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکتر.

4.خوێندکارانی کچی زانکۆ: ئەو کەسەیە کە توانای زانستی بواری پێدراوە دەتوانێت بگاتە زانکۆ، بەگوێرەی پسپۆڕی خۆی و ئەو ئەو بڕوانامەیە کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەدەکرێت.کچان یەکێکە لە توخمە سەرەکی و کاریگەریانەی پرۆسەی پەروەردە لەماوەی پێکهێنانی زانکۆییدا.

5.سناپ چات: ئەپڵیکەیشنێکە بۆ تۆمارکردن و پەخشکردنی وێنە و فیدیۆ لەلایەن Evan spiegel کە قوتابی زانکۆی ستانفۆرد بو لەساڵی 2012 دروستکرا سەرەتا تۆڕەکە مانەوەی فیدیۆ و وێنەکان تەنها 15 چرکە بو لەئێستادا ماوەی مانەوەیان 2h ئەم ئەپڵیکەیشنە ڕۆژبەڕۆژ لەگۆڕانکاری تێدا.

سێیەم: توێژینەوەکانی پێشو:

1.توێژینەوەی محمد حسين أحمد، 2023، بە ناونیشانی اتجاهات الشباب الجامعی نحو اعلانات شركات الهاتف المحمول فی مواقع التواصل الآجتماعي توێژینەوەیەکی ڕوپێویە لەسەر سامپڵێک لە قوتابیانی کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی بەغداد ئەنجام دراوە، مەبەستی ئەم توێژینەوە زانینی ئاراستەی لاوانی زانکۆیە لەسەر ڕێکلامی کۆمپانیاکانی مۆبایل و پەیوەندی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا،کۆمپانیاکانی مۆبایل تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک کەناڵی گرینگی ڕێکلامکردن بەکاریدەهێنن، خزمەتگوزاری و ئۆفەرە نوێیەکانیان بەردەوام نمایش دەکەن.

2.توێژینەوەیە، عدنان علی عزم، 2022، (اتجاهات الجمهور الاماراتية نحوالاعلانات التجاريه فی مواقع التواصل الآجتماعي) میتۆدی توێژینەوە: توێژینەوەیەکی وەسفییەو ڕێبازی ڕوپێوی بەکارهێنراوە.کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە: (٤٠٠)، ژن لە ژنانی ئیمارات بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەگیراون، چەند ئامانجێک خراونەتەڕو، خستنەڕوی ڕادەی سودوەرگرتنی ژنانی ئیمارات بۆ ڕێکلامی بازرگانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. پیشاندانی کاریگەرییەکانی پشتبەستنی ژنانی ئیمارات ڕێکلامی بازرگانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. زانینی پەیوەندی نێوان ڕێژەی ژنانی ئیماراتی و ڕێکلامی بازرگانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لەگرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: پێشوازیکردنێکی بەرچاو هەیە لەلایەن ژنانی ئیماراتەوە لە بەرامبەر ڕێکلامی بازرگانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. زۆرینەی بەرتوێژان بەرێژەی ٩١٪ سەیری ڕێکلامی بازرگانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. بەپێی بۆچونی زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، و ڕۆڵی هەیە لە سەرکەوتنی ڕێکلامی بازرگانی لەبەرئەوەیە زۆرینەی جیهان بەکارهێنەری ئامرازەکانی پەیوەندیکردنن ڕۆژانە بەکاریدەهێنن.

چوارەم: سودەکانی توێژینەوەکانی پێشو

1. ئەنجامدانی ڕێوشوێنەکانی ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی زانستی.
2..سودوەرگرتن بۆ دانانی پلانی بەشەکان و ڕێکخستنی توێژینەوەکە.
3.بەکارهێنانی توێژینەوەکانی پێشو وەک سەرچاوەی زانستی لە بەشی تیۆری توێژینەوەکەدا.
4. دروستکرنی فۆڕمی ڕاپرسی، داڕشتنی بڕگەکانی، و بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان.
5. زانینی ئامانجی توێژینەوەکانی پێشو و ئەو دەرئەنجامانەی پێیگەشتون.

بەشی دوەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە

تەوەری یەکەم: ڕێکلامی ئەلیکترۆنی

چەمکی ڕێکلامی ئەلیکترۆنی: ڕێکلامی ئەلیکترۆنی شێوازێکی پەیوەندیکردنی ناتاکەکەسییە، کە کۆمپانیا دامەزراوە و تەنانەت تاکەکانیش بەئامانجی دەستکەوتنی قازانج پەیوەندی دەکەن، بەمەبەستی پێشکەشکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری و بیروبۆچون، بۆبەکاربەران یاخود کڕیاران، لەم ڕێگەیەوە هەوڵی ڕازیکردنیان دەدرێ (الزعبي,2020: 76)

گرنگی ڕێکلامی ئەلیکترۆنی

1-ڕێکلامی ئەلیکترۆنی چەندین هەڵبژاردن دەدات بە بەکاربەر بەوەی کە کەلوپەلەکان بکڕێ و بفرۆشێ لە 24 کاتژمێردا لەهەر ڕۆژێکدا و هەر شوێنێك لەسەر گۆی زەوی.

2-بەکاربەر دەتوانێت زانیاری پێویست بەدەستبهێنێت لەماوەی چەند چرکەیەك لەڕێگای ڕێکلامی ئەلیکترۆنی، ئەگەر بەراوردی بکەین بە ڕێکلامەکانیتر کە چەندین ڕۆژ پێویستە.

3-بازرگانی ئەلیکترۆنی ڕێگەدەدات بەبەکاربەر بە گۆڕینەوەی بیروڕا و زانیاری سەبارەت بە کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان. لەڕێگای کۆمەڵگای ئەلیکترۆنی.

4-ڕێکلامی ئەلیکترۆنی کاردەکات بۆ بەهێزکردنی کێبڕکێ بۆ کەمکردنەوەی نرخ.

5-دروستکردنی هۆشیاری سەبارەت بەدام ودەزگاکان و کەلوپەلەکان: ڕێکلامی سەر ماڵپەڕی ئەلکترۆنی دەبێتە هۆی دروستکردنی هۆشیاری لەبارەی بەرهەمەکان (قاسم،2019: 35)

تایبەتمەندییەکانی ڕێکلامی ئەلیکترۆنی

1-بونی ڕێکلامەکان بەشێوەیەکی بەردەوام و دوبارە لەبەرچاوی بەکاربەر.

2-هەرزانی نرخی تێچونی ڕێکلامەکان بەبەراورد بە ئامرازەکانی دیکەی ڕێکلامکردن.

3-گەیشتن بەو ڕێکلامانەی کە لەڕاستیدا شوێنیان زۆر ئەستەمە کە پێیبگەین.

3-تەکنیکی دیزانیکردنی ڕێکلامەکان بەشێوازی جۆراوجۆر و کاریگەرن.

4-توانای زیاتر بۆ پێدانی زانیاری زیاتر لەبارەی کەلوپەلەکان (علی 2021 :87)

لایەنە باشەکانی ڕێکلامی ئەلیکترۆنی:

1-توانانی پشاندانی ڕێکلامەکان بەشێوەیەکی ڕونتر بانگەشە لەڕێگەی بەکارهێنانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گەیاندن گەورەی بواری پرۆگرامە کۆمپیوتەرییەکان بەکارهێنراون.

2-توانای سودوەرگرتن لەوێب سایتەکانیتر کە زانیاری کڕین بەکاردەهێنن.

3-ئەگەر گەیشتن بە ملیۆنەها بینەری بەکارخستنیان تۆڕی نێودەوڵەتی ئینتەرنێت بە بڵاوبونەوەی بەرفراوان دەناسرێتەوە بەو پێیەی سنوری نێودەوڵەتییەکان تێدەپەڕێنێت.

4-ئەگەر بەکارهێنانی توخمە وێنەو دەقی نوسراو، ئەمەش وادەکات نمایشکردنی بەرهەمەکان و پەرەپێدانی کاریگەری وروژێنەر وسەرنجڕاکێش لای خەڵکی بەکاربەر.

5-ڕێکلامی ئۆنلاین ڕۆژانە وبێ وەستان کاردەکات. (مناجد،2020: 43)

لایەنە خەراپەکانی ڕێکلامی ئەلیکترۆنی:

1. کۆنترین ڕێکلام لە ئینتەرنێتدا نەدەبو لە بۆشاییەوە بێت، بەڵکو دەبێت ڕێکلامکردن بەم شێوەیە یەکێکە لە پێکهاتەکانی ستراتیژی هارکێنسینگ لەسەر مێشك.

2. هەرچەندە ناوبانگی ئینتەرنێت لە هەڵکشاندایە، بەڵام پێوانەکردنی ئەستەمە.

3. گومانی تێدانییە مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆمپیوتەر پێویستی بە فێربون و ڕاهێنان هەیە بۆ ئەوەی سەرەتا لە چۆنیەتی کارکردنی تێبگەی.

4. کاریگەری ڕێکلامی ئەلکترۆنی لەسەر ئینتەرنێت و داهێنان لە تەکنەلۆژیادا هۆکارە لەزیادبونی بەکاربەری لەنێو ئەو خەڵکەدا کە بەرکەوتەی بوە.

5. ئەو بینەرەی بەر ڕێکلامی ئەلکترۆنی دەکەوێت بەهۆی زۆری ژمارەیانەوە بەدەستی دوریان و ئاژەوە گێڕەوە دەناڵێنن ڕێکلامی ئەلکترۆنی بێکۆتایی.(عبدالهادی،2021: 64)

تەوەری دووەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

چەمك و پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، مشتومڕێکی زۆری لەلای ئەکادیمییەکاندا وروژاندوە، ئەمە لەسۆنگەی فرەیی و پێکداچونی دەروازە و ئاراستەکانی توێژینەوە لەبارەیانەوە، لەلایەنی زاراوە لەزمانی ئینگلیزیدا ئەوا ناوی یاخود زاراوەی بەسەردا براوە، واتە پێوەستەیەکی ڕایەڵی پەیوەندبەستنی کۆمەڵایەتی، هەڵبەتە زاراوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەئەندازەی ئەوەی ئاریشەیەکی زۆری لەڕوی پێناسەکردنەوە وروژاندوە، (البيني,2017: 37).

تایبەتمەندی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

1-بەشداریکردن (المشاركة) یەکێکە لەو تایبەتمەندییانە کە وادەکات کاردانەوە و کۆمێنتەکان بۆ هەر کەسێك دروست ببێت، کەبابەتێکی بەلاوە گرنگ بێت(الزيادات،2016: 53).

2-گفتوگۆکردن (المحادثة) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوار بۆ گفتوگۆکردن دەرەخسێنێت، بە پێچەوانەی ئامرازە ڕاگەیاندنە کلاسیکییەکان. (عزالدين 2017: 25).

3-کۆبونەوە(التجمع) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بەخێرایی بوار دەڕخسێنن بۆ کۆبونەوە و گەیشتن بەشێوەیەکی کارا. (السطالي,2019: 32).

4-جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەمو ئەو بەربەست و سنورە جوگرافییەکانی بەزاندوە.

5-تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بو بە پردێکی بەهێز لەنێوان خەڵك و حکومەت (حمدي 2018: 33).

کاریگەرییە ئەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

1- .تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تارادەیەکی باش توانیویانە هەگبەی زانیارییەکان لەلای بەکارهێنەر فراوان بکەن بەو پێیەی هەر زانیارییەك چ لە شێوەی تێکست یاخود ڤیدیۆ بێت.

2- .خێرا گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان هەر هەواڵێك یاخود ڕوداوێك ڕوبدات لە ڕێگای ئەو تۆڕانەوە خێراتر دەگەنە خەڵك، پێش ئامرازە تەقلیدییەکانی ڕاگەیاندن کەوتونەتەوە.

3- .تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بواری ڕەخساندوە بۆ ئەوەی زانیارییەکان قۆرخنەکرێن.

4 . تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاوکاربون بۆ هێنانە ئارای کاری خێرخوازی لەسەر ئاستی جیهان.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانیویانە ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لە گۆڕینی سنوری ئامرازە کلاسیکییەکانی ڕاگەیاندن. (یوسف2006: 48).

کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

1 .بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست و بێ بنەما و درۆ زۆربەی کاتەکانی هەواڵی ناڕاست و بێ بنەما بێ ئەوەی ئاماژە بەسەرچاوەکەی بدرێت بڵاو دەکرێتەوە.

2 .نەبونی ڕاستگۆیی لە هەندێك هەواڵ ئەو زانیاریانەی کە لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاو دەبنەوە، لە ئامرازە ئەلەکترۆنییەکانی ڕاگەیاندن پێشکەوتونین.

3 .نەهێشتنی ئەو گەرموگوڕیەی ناو خێزان و لێکپچڕاندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ئێستادا بەشێوەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت.

4 .ئەنجامدانی ناردنی ئەلیکترۆنی. دیاردەیەکیتری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە ئەمە لەئێستادا زۆر بەزەق هەستی پێدەکرێت و ئەمە لەدەرەوەی یاسایە بۆ ڕوشاندنی کەسایەتی.

5 .تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پشت بەوەڵامی خێرا دەبەستێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرجار مرۆڤ بەخێرایی وەڵامی پرسیار و ڕوداو و پێشهاتەکان بداتەوە. (ئیبراهیم 2023: 79)

تەوەری سێیەم: تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچات

چەمك وپێناسەی تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچات: تۆڕی سناپچات یەکێکە لەو تۆڕانەی کە لە سەرانسەری جیهاندا خوراییەو بۆ یەکەم جار لە ساڵی 2011 لەلایەن کۆمپانیا گەورە و سەرکەوتوەکانی ئەو ئەو کاتەوە سەری هەڵداوە دەرکەوتوە، هاوکات ئەم تۆڕەش هاوشێوەی تۆڕەکانی تر بەکاردێ بۆ نامە ڤیدیۆ هەواڵ و زانیاری ڕکابەرییەکی گەورە دەکات لەگەڵ فەیسبوک و گوگڵ (الجزیرە2017). سناپچات کە خزمەتگوزاری پەیوەندی و وێنە و تیکست و ڤیدیۆ ناردن لەخۆدەگرێت بەرێژەی 57.34% بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنەری ئەم تۆڕەن کە زۆربەیان ڕەگەزی مێ و گەنجانن (حەمەسعید 2019: 80)

دوەم: تایبەتمەندییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچات:

1- تۆڕی سناپچات ئاسانکاریەکی زۆری کردوە بۆ کۆمپانیای بازرگانی ڕیکلامییە بەناوبانگەکان بۆ پڕفرۆشکردنی کاڵاکانیان زۆر بە ئاسانی.

2-ئەوانەی لە بەشی ڕیکلام کار دەکەن سودێکی زۆریان لە تۆڕی سناپچات وەرگرتوە، چونکە لە ڕێگەیەوە زۆر بە ئاسانی بەرهەمەکانیان.

3-سناپچات لە ئەمڕۆدا ڕکابەرییەکی یەکجار گەورەی دروست کردوە لە نێوان تۆڕەکانی تردا بە جۆرێک بەکارهێنەرانی دەتوانن وێنە و ڤیدیۆ پۆست بکەن لە ماوەی 24 کاتژمێردا

سناپچات خزمەتگوزاری زۆری تێدایە کەوایکردوە سەرنجی بەکارهێنەرانی ڕابکێشێت بەجۆرێ گەورە و بچوک بەکاریدەهینن.

4-بەکارهێنەرانی سناپچات دەتوانن وێنە وڤیدیۆ و نامەی دەنگی بۆ یەکتری بنێرن.

5-لە ڕێگای تۆڕی سناپچاتەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانی پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجام بدەی بە کامێراوەش هاوشێوەی ئەپەکانیتر.(محمود،2022: 67)

لایەنە پۆزەتیڤەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچات:

1-تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچات ئاسانکارییەکی تەواوی کردوە بۆ بەکارهێنەرانی کە بە هۆیەوە دەتوانن بە هەمو شێوەیەک هاوکاری یەکتری بکەن و هەواڵ و زانیاری و یاخوت هەر شتێک کە بیانەوێ بۆ یەکتری بینێرن بە هۆی خێرا نوسین (تایپکردن) لەسەر مۆبایل.

2-تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپ چات بۆتە هۆی کورتکردنەوەی مەودای نێوان تاکەکان و وەکو پەیوەندی بەردەوام بە نێوانیان.

3-هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاشتی پێکەوەژیان و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان هەروەها لێکنزیکردنەوەی بیروبۆچونە جیاوازییەکان. (حاتەم، 2018: 78)

4-لە ڕێگای ئەم تورەوە بەکارهێنەران دەتوانن ئەو هەواڵ و زانیارییانەی دەستیان دەکەوێت هاوبەشی پێ بکەن لەگەڵ هاوڕێکانیاندا لە ئامراز و تۆڕەکانی تریش.

5-تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچات هۆکارێکی گرنگە بۆ داهێنانی گەلاڵەکردنی بیرۆکەی تاکەکان.

6-بە پلەیەکی بەرز ئەم تۆرە بوەتە هۆکارێکی گرنگ بواری بازرگانیکردن بەشێوەیەکی بێ سنور بەکاردەهینرێ لەلایەن بەکارهێنەرانەوە. (الهدی 2018: 33).

لایەنە نێگەتیڤەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچات:

1-گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان کە کۆمەڵگای هاوچەرخی پێ جیادەکرێتەوە، لە نێوان ئەم تۆڕەدا تاکەکانی فڕێدەدەنە دەرەوە.

2-مرۆڤ دەتوانێت کەسایەتی خۆی بگۆڕێت، ناوی تر و کەسایەکی تر بۆ خۆی دروستبکات لە ڕێگەی ئەم تۆڕەوە کەسایەتییە ساختەیەشەوە شەواکێی بوێت. (وریا، 2018: 42)

3-تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچات لەبەکارهێنان ئاسانە و تێچوی کەمی دەوێ و ئازادییەکی تەواو لە بەکارهێنان و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان بە دەستدەخات. (احمد،2014: 17)

4-بیری توندڕەوی و توندوتیژی بڵاودەکاتەوە، دەمارگیری ئایینی و نەتەوەیی پەرەپێدەدات، هەروەک ڕۆحی خۆباڵایی و خۆویستی لەکای بەکاربەر زیاددەکات. (ئاریان،2019: 20)

5-دروستبونی مەترسی بۆ سەر ژیانی کچان و ژنان بەتایبەتی کاتێک پێوەندییە تەکنەلۆژییە لە جۆرێک بەریەککەوتن و پەیوەندی دەستەبەر دەکات.

6-دەزگای هەواڵگرییەکان بە ئاسانی دەتوانێت ئاسایشی تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپچات تێپەڕێنن و چاودێری هەمو کەسێک بکەن. (شوانی 2020:77)

بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوە

لێرەدا لەڕێگەی ئەنجامە ئامارییە دەستکەوتوەکان، لایەنی دیمۆگرافی بەرتوێژان و پاڵنەر و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی کاریگەری ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سناپ چات لەسەر خوێندکارانی کچی زانکو دەخەینەڕو.

خشتەی(1) خستنەڕوی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | زانکۆی سەلاحەدین | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| 1 | کۆلێژی پەروەردە | 69 | %24.6 |
| 2 | کۆلێژی زانست | 76 | %25.3 |
| 3 | کۆلێژی یاسا | 74 | %23 |
| 4 | کۆلێژی ئەندازیاری | 81 | %27 |
| | کۆی گشتی | 300 | 100 |

وەک لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، لەکۆلێژی پەروەردە (69)، قوتابی وەرگیراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (24.6%)، لەکۆلێژی زانست (76)، قوتابی وەرگیراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (25.3%)، لەکۆلێژی یاسا (74)، قوتابی وەرگیراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (23%) لەکۆلێژی ئەندازیاری (81)، قوتابی وەرگیراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (27%) وەک دەردەکەوێ جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لەنێوان قوتابییانی ئەم کۆلێژانە بۆ بەکارهێنانی سناپ چات، چونکە فۆرمی ڕاپرسی تەنها بەسەر ئەو قوتابییانە دابەشکراوە، کە بەکارهێنەری سناپ چاتن.

خشتەی(2) شوێنی نیشتەجێبونی سامپڵی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

| ژ | شوێنی نیشتەجێبون | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| 1 | ناوشار | 133 | %44.3 |
| 2 | ناحیە | 61 | %20.3 |
| 3 | ئیدارەی سەربەخۆ | 89 | %29.6 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 4 | قەزا | 17 | %5.6 |
| | کۆی گشتی | 300 | 100 |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، کە ڕێژەی (44.3%)ی سامپڵی توێژینەوەکە نیشتەجێی ناوەندی شارن، هەروەها ڕێژەی (20.3%)، دانیشتوی ناحیەکانن، قوتابییانی دانیشتوی ئیدارە سەربەخۆکانیش ڕێژەی (29.6%)، سامپڵی توێژینەوەکەن، هاوکات قوتابییانی نیشەجێی قەزاکانیش ڕێژەی (5.6%)، سامپڵی توێژینەوەکە پێکدێنن. لێرەدا ڕوندەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە نیشتەجێی ناوەندی شارن، ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە تۆڕی ئینتەرنێت لە ناوەندی شارەکان زیاتر بەردەستە.

خشتەی(3) تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات

| تەمەن | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| 22-18 | 259 | %86.3 |
| 27-23 | 33 | %11 |
| 32-28 | 8 | %2.6 |
| کۆی گشتی | 300 | %100 |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە تەمەنییان لەنێوان (18-22) ساڵیدایە، کە بەڕێژەی (86.3%)، پلەی یەکەمی وەرگرتوە، هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (23-27)، ساڵیدایە بەڕێژەی (11%)، لە پلەی دووەمدانە، کەچی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (28-32)، ساڵیدایە بەڕێژەی(2.6%)، لە پلەی سێیەمدادێن. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە ئەو قوتابییانەی تەمەنییان لە سەروی (22)، ساڵی دایە و ڕێژەیەکی کەم پێکدێنن ئەوانەن، کە بەهەر هۆکارێک بێت لە خوێندن دواکەوتونە. پێچەوانەوە. ئەو قوتابییانەی تەمەنییان لە خواروی(22) ساڵی دایە نیوەی زیاتری سامپڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لەساڵی ڕابردو ژمارەیەکی زۆر لەکچان لەزانکۆکان وەرگیراون.

خشتەی(4) قوناغی خوێندنی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات

| بڕوانامە | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 70 | %23.3 | چوارەم |
| دوەم | 83 | %27.6 | یەکەم |
| سێیەم | 74 | %6،24 | دوەم |
| چوارەم | 73 | %24.3 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، کە قۆناغی دوەمی خوێندن بەڕێژەی (27.6%)، لەپلەی یەکەمدادێن، هەروەها قۆناغی سێیەمیش بەڕێژەی (24.6%)، لەپلەی دوەم دێن و قۆناغی چوارەمی خوێندنیش بەڕێژەی (24.3%)، لەپلەی سێیەمدان، قوتابییانی قۆناغی یەکەمیش بەڕێژەی (23.3%)، لە دوا پلەدانە. سامپڵی توێژینەوەکە گوزارشتێکی باش لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات، چونکە هەمو قۆناغەکانی خوێندن بەڕێژەی گونجاو لەخۆدەگرێت.

خشتەی(5) ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپ چات دیاریدەکات

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| زۆر | 285 | %95 | یەکەم | 106.22 | 9 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تاڕادەیەک | 9 | %3 | دووەم | | |
| کەم | 6 | %2 | سێیەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت زۆرینەی سامپڵی توێژینەوە، بەکارهێنەری سناپ چاتن، کە بەڕێژەی (95 %)، و بە چەندبارەی(285)، لە پلەی یەکەمدان، هەروەها بەڕێژەی(3%)، و بە چەندبارەی(9)، لە پلەی دووەمدا سامپڵی توێژینەوە تاڕادەیەك بەکارهێنەری فەیسبوکن. ئەوانەی، کە بەڕێژەیەکی کەم فەیسبوک بەکاردەهێنن لە پلەی سێیەمدان بەڕێژەی(2%)، و چەندبارەی(6)، ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە(5.89)، و لادانی پێوانەیی(0.876)، هەروەکو ئەگەر سەرنج بدەینە ڕادەی بەکارهێنانی سناپ چات لەلای سامپڵی توێژینەوە لەئاستێکی بەرزدایە بەو واتایەی کە بەشێکی زۆری کچانی زانکۆ سناپ چات بەکاردەهێنن.

خشتەی(6) بەردەوام تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپ چات بۆ ڕیکلام بەکاردەهێنم

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی% | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 79 | %26.3 | دووەم | 59.55 | 60 |
| هاوڕام | 156 | %52 | یەکەم | | |
| دڵنیانیم | 33 | %11 | سێیەم | | |
| هاوڕانیم | 14 | %4.6 | چوارەم | | |
| تەواو هاوڕانیم | 18 | %6 | پێنجەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

بەپێی ئەم خشتەیە بژاردەی هاوڕام بە چەندبارەی(156)، و ڕێژەی (52%)، لە پلەی یەکەمدا هاتوە، بژاردەی تەواو هاوڕام بە چەندبارەی(79)،و ڕێژەی(26.3%)، لە پلەی دووەمدادێت، بژاردەی دڵنیانیم بە چەندبارەی(33)، و ڕێژەی (11%)، لە پلەی سێیەمدادێت. بژاردەی هاوڕانیم بە چەندبارەی (14)، و ڕێژەی(4.6%)، لە پلەی چوارەمدادێت، هەروەها بژاردەی تەواو هاوڕانیم بە چەندبارەی(18)، و ڕێژەی(6%)، لە پلەی پێنجەمدادێت، ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە(4.47)، و لادانی پێوانەیی بریتییە لە(0.978). ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم بڕگەیەی سەرەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە، کە بژاردەی هاوڕام و تەواو هاوڕام بەیەکەوە ڕێژەیەکی زۆر بەرز پێکدەهێنن، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە زۆرینەی زۆری سامپڵی توێژینەوە تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپ چات بۆ ڕیکلام بەکاردەهێنن و کاریگەری ئەرێنی لەسەریان هەیە.

خشتەی(7) ئەو ڕیکلامانەی،کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی سناپ چات بڵاودەکرێنەوە زۆر بەخێرایی وەریاندەگرم

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی% | پلە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 92 | %30.6 | دووەم | 55.95 | 33 |
| هاوڕام | 143 | %47.6 | یەکەم | | |
| دڵنیانیم | 33 | %11 | سێیەم | | |
| هاوڕانیم | 14 | %4.6 | چوارەم | | |
| تەواو هاوڕانیم | 18 | %6 | پێنجەم | | |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | | | |

